گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/mfddy223

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 10/02/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 12/05/2024
ڕێـكـەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# بونیادی ئاواز و بەراوردكردنی بە بونیادی پێكهاتەیی لە سەروای غەزەلە كوردییەكانی (بێخود)دا

**سەرباز مەجید خۆشناو**
Sarbaz.omer@soran.edu.iq
بەشی زمانی كوردی، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی سۆران، سۆران، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە

ئاواز لە بونیادی مۆسیقادا و سەروا لە بونیادی شیعردا، دو ڕەگەزی سەرەكین، شیعر و مۆسیقاش دوانەیەكی لێكدانەبڕاون، بۆیە دەوترێت دەق بەبێ بونی مۆسیقا شیعر نییە. پرسی بونیادی ئاواز لە پێكهاتەی سەروای شیعردا، بابەتێكی هەستیارە. هەرچەندە بنەمای هەردو ڕەگەزی (سەروا و ئاواز) لە ناوەوە و دەرەوەی شیعریشدا پەیوەندییان بە دوبارەبونەوەی دەنگەكانەوە هەیە، بەڵام مامەڵەكردنی هەر یەكەیان لەگەڵ چەندێتی و چۆنیەتیی دەنگەكان جیاوازە. لە بونیادی پێكهاتەی سەروادا، لە هەردو ئاستی دەنگی (ڕەوی – پێش ڕەوی – پاش ڕەوی) و ئاستی وشەییدا (وشەكانی سەروا – پێش سەروا – پاش سەروا) مامەڵە لەگەڵ دوبارەبوەی دەنگەكان دەكرێت، بەڵام لە بونیادی ئاوازدا، ڕەچاوی هەژماری دەنگە دوبارەبوەكان دەكرێت وەك ئەوەی گۆدەكرێن، سنوری بونیادی ئاواز پەیوەندیی بە تەواوی ئەو دەنگانەوە هەیە، كە لە ناوەو و دەرەوەی بونیادی پێكهاتەی سەروادا بەدواییەكدا دوبارەدەبنەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ خستنەڕوی بونیادی ئاواز و بەراوردكردنیان بە بونیادی پێكهاتەی سەروای غەزەلە كوردییەكانی (بێخود)ی شاعیر. بۆ ئەو مەبەستەش میتۆدی وەسفی ئاماری بەكارهاتوە. توێژینەوەكە دو بەش لەخۆدەگرێت: بەشی یەكەم تایبەتە بە چیەتیی بونیادی سەروا و ئاواز و دەنگ لە پێكهاتەی سەروادا. بەشی دوەم تایبەتە بە بونیادی پێكهاتەی سەروا و بونیادی ئاواز لە سەروای غەزەلە كوردییەكانی دیوانی (بێخود)دا. لە كۆتاییدا، پوختەی ئەنجامەكانی توێژینەوەكە لە چەند خاڵێكدا پوختكراونەتەوە و ئاماژە بەو سەرچاوانەش كراوە، كە لە توێژینەوەكەدا پشتیان پێبەستراوە، یان سودیان لێوەرگیراوە.

**وشە سەرەكییەكان**: بونیاد، ئاواز، پێكهاتەی سەروا، غەزەل، دەنگ، بێخود

# The Melodic Structure and Its Comparison with The Rhyme Structure Structure in Kurdish Bakhud Ghazals

## Sarbaz Majeed Khoshnaw

Kurdish Department , Faculty of Education , Soran University,Soran,Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Musical Melody and rhyme in poetry are two main components. Poetry and music are inseparable parts, to the point that the text is not poetry without music. The issue of the composition of music in the formation of rhyme is a sensitive issue. Although the basis of both (melody and rhyme) relates to the repetition of sounds, their treatment of the quantity and quality of sounds differs. The compositional structure at the level of sounds (narrating, pre-narrating, post-narrating) and at the word level (rhyming words - pre-rhyming - post-rhyming) deals with the sounds present in the text, while the musical structure is more general and comprehensive. It relates to all the sounds that are repeated inside and outside the rhyming structure. This research is an attempt to present the melodic structure in the Kurdish poems (ghazals) by the poet (Bikhud). For this purpose, a descriptive statistics approach was used. The research consists of two sections: The first section deals with the nature and structure of rhyme at the level of word and sound, and the nature of melody and repetition. The second section is devoted to the melodic structure in the rhyme structure of the Kurdish verses in the Diwan of (Bikhud), which follows a unified rhyme system. Finally, the research results are summarized in several points and the sources that are relied upon or used in the study are indicated.

**Keywords:** Bikhud, Ghazal, Melody, Rhyme Structure, Sound Structure.

## پێشەکی

بونیادی ئاواز لە سەروادا، پەیوەستە بە بابەتی مۆسیقای شیعر و لە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کاریان لەسەر سەروای شیعر کردوە، وەک مۆسیقای دەرەوە باسیان لە ئاستی دەنگی (ڕەوی و پێش ڕەوی و پاش ڕەوی) و ئاستی وشەیی (وشەی سەروا و پێش سەروا و پاش سەروا) کردوە و بە تەکنیکەکانی دوبارەبونەوەیان بەستونەتەوە، کە لە ئاستی دەنگ و وشە و دەستەواژە و ڕستەدا دەردەکەون. پرسی ئاواز وەک ڕەگەزێکی مۆسیقی لە سەروادا، هێشتا پرسیاری وەڵام نەدراوە و کەلێن و ناڕونیی ئەوتۆی تێدا ماون، کە پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، وەک: ئایا سنوری ڕەگەزی ئاواز لە ناو چوارچێوەی مۆسیقای شیعردا تا کوێ بڕ دەکات؟ ئایا پرسی ئاواز مامەڵە لەگەڵ دوبارەبونەوەی دەنگ دەکات، یان لەگەڵ پیتە پێکهێنەرەکانی سنوری پێکهاتەی سەروا؟ ئایا لە باسی ئاوازی سەروادا تەنیا وشەکانی سەروا جێی بایەخن، یان دەنگە دوبارەبوەکانی وشەکانی سەروا و پاش سەرواش بەشداری لە دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی ئاوازی کۆتایی بەیتی شیعردا دەکەن؟ ئایا لە بونیادی ئاواز و لە بونیادی پێکهاتەیی سەروادا چ جیاوازییەک لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەنگ و پیتەکاندا هەیە؟ لە ئێستادا چ ناڕونییەک لەو جیاوازییەدا هەیە؟

گریمانەی ئەوە دەکەین، بونیادی شیعری عەروزی لە ڕوانگەی مۆسیقاوە مامەڵەیەکی جیاواز لە گەڵ دەنگە دوبارەبوەکان بکات، بە تایبەتی، ئەگەر بە پێوەری بنەڕەتەکان مامەڵە لەگەڵ بونیادی تەفعیلە پێکهێنەرەکانی کێشی دەقەکان بکرێت، هەرچەندە لە شیعری عەروزیی کوردیدا پێوەری برگەیی لە پێوەری بنەڕەتەکان گونجاوترە.

سـنوری توێژینەوەکە، لە چوارچێوەی غەزەلە کوردییەکانی دیوانی (بێخود)دا، کار لەسـەر سـەروای کۆتایی بەیتەکان کراوە. چونکە لە دیوانەکەدا جگە لە غەزەل قاڵبی دیکەی وەک: (تاک، دوبەیت، پارچە، موسەممەت، پێنج خشتەکی، تەرجیع بەند، تەرکیب بەند، مەسنەوی) هەیە، بەڵام بەهۆی جیاوازی و تایبەتمەندیی پێکهاتەی سەروای قاڵبەکان، تەنیا کار لەسەر سەروای غەزەلەکان کراوە، کە سیستەمی سەروای یەکگرتویان تێدا پەیڕەوکراوە. مەبەست لە پێکهاتەی سەروا هەردو ئاستی دەنگی و شەیی دەگرێتەوە، زۆربەی جار دەنگە دوبارەبوەکانی دەرەوەی ئاستی دەنگیی و دەنگەکانی پاش سەروا بەشدارییەکی فراوانتر لە بەرجەستەکردنی ئاوازدا دەکەن، کە لەڕوانگەی مۆسیقای شیعردا جێی بایەخن.

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بە دیدێکی جیاواز و لەسەر ئاستی دەنگیدا کاری لەسەر پێکهاتەی سەروا کردوە و بۆ دەستنیشانکردنی چوارچێوەی ئاواز، سنوری وشەکانی سەروا و دوبارەبونەوەی دەنگەکانی پاش سەروای وەک یەک بونیاد وەرگرتوە، بەو واتایەی لەڕوانگەی خوێندنەوەدا دەستنیشانی چیەتی و چۆنیەتی و چەندێتیی دوبارەکردنەوەی دەنگەکان کراوە، دواتر لەگەڵ بونیادی پێکهاتەی سەروا (ئاستی دەنگی و ئاستی وشەیی) بەراوردکراون. بۆ ئەو مەبەستەش پشت بە بونیادی تەفعیلەیی و بونیادی برگەیی غەزەلەکان بەستراوە، کە لە سنوری توێژینەوەکەدان.

توێژینەوەکە وایخواستوە، کە بە میتۆدی وەسفی شیکاری ئاماری لەڕوی چەندێتی دەنگە دوبارەبوەکانەوە دەستنیشانی جۆری بونیادی ئاوازی سەروای غەزەلەکان بکرێت.

لە کۆتاییدا ئەنجامەکانی توێژینەوە لەچەند خاڵێکدا خراونەتەڕو، کە بونیادی مۆسیقا و پێکهاتەی سەروا جیاوازییان هەیە و لە غەزەلە کوردییەکانی بێخوددا، پێکهاتەی سنوری سەروا تۆکمەترە.

کارەکانی پێشو: زۆربەی ئەو توێژینەوانەی باسیان لە شێوازی سەروای شیعری شاعیرانی کورد کردبێت، بەلایەنی کەم دەستنیشانی وشەی سەروا و دەنگی (ڕەوی)انکردوە. عەزیز گەردی لە کتێبی سەروا (١٩٩٩)دا، لە چوارچێوەی زانستی سەروادا زۆر بە وردی باسی لە چیەتیی سەروا و پێکهاتە و جۆرەکانی سەروا کردوە و بوەتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ تەواوی توێژینەوەکانی دوای خۆی، کە باسیان لە سەروا کردبێت، ئاماژەی بە ڕۆڵی سەروا کردوە لە بونیادی مۆسیقای شیعردا، بەڵام نەپرژاوەتە سەر وردەکارییەکانی بونیادە مۆسیقییەکە. سەردار ئەحمەد گەردی (٢٠١٣) توێژینەوەیکی بە ناونیشانی (کاریگەریی مۆسیقای غەزەلێکی جزیری لەسەر قەصیدەیەکی وەفایی) بڵاوکردۆتەوە، کە بەشێوازی ئاماری کاری لەسەر پێکهاتەی سەروای ناوەوە و سەروای دەرەوەی دەقە بەراوردکراوەکاندا کردوە. سیروان جەبار ئەمین (٢٠١٤) توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی "شێوازی سەروای غەزەلە کوردییەکانی مەحوی" بڵاوکردۆتەوە، بەدەر لە سنوری پێکهاتەی سەروادا هەژماری ئەو دەنگانەی کردوە، کە تەنیا لە وشەی سەروادا هەن و بەپێی چەندێتیی پیتەکان جۆری سەرواکانی پۆلێنکردون. یادگار ڕەسول حەمەدەمین (٢٠٢٠) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی "سەروای شیعرە کوردییەکانی نالی" لە سنوری زانستی سەروادا باسی لە ئاستی پێکهاتەیی سەروای شیعرەکانی نالی کردوە. لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەنگەکاندا، بە جیا لە چوارچێوەی پێکهاتەکاندا ئاماژەیپێکردون، وەک دەنگی ڕەوی و دەنگەکانی پێش ڕەوی و دەنگەکانی پاش ڕەوی و وشەکانی پاش سەروا. هیوا نورەددین (٢٠٢١) توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی (شیعرە کوردییەکانی (بێخود) لە تەرازوی عەروزدا) بڵاوکردۆتەوە، هەرچەندە لە ڕوانگەی کێشەوە باس لێکۆڵینەوە لە بونیادی شیعرەکاندا دەکات، بەڵام باسکردنی زەروراتی شیعری لە کۆتایی بەیتەکاندا، ڕەهەندێکی مۆسیقییان هەیە، بە تایبەتی ئەو زەروراتانەی دەکەونە ناو پێکهاتەی سەروا. زۆربەی ئەو توێژینەوانەش، کە دەربارەی شێوازی شیعری شاعیرانی کلاسیک کرابێت، ئاوڕ لە بابەتی سەروا دراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە جیاواز لە توێژینەوەکانی پێشتر، بەسەریەکەوە مامەڵە لەگەڵ هەمو دەنگە دوبارەبوەکانی پێکهاتەی سەروادا دەکات و ئەو دەنگانەش هەژماردەکات کە دەکەونە دەرەوەی پێکهاتەی ئاستی دەنگیی وشەکانی سەروا، کە بەشێوەیەکی ڕێک و بە هاوسەنگی دوبارەدەبنەوە، بەو واتایەی ئەو دەنگانەی، کە لە وشەی سەروا و لە وشەکانی پاش سەرواشدا دوبارەدەبنەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنوری پێکهاتەکانیان. هەرچەندە لە دەقەکانی سنوری توێژینەوەکەدا پێش سەروا پەیڕەونەکراوە، بەڵام پێش سەروا ناچێتە سنوری ئاوازی سەروای شیعر، چونکە بەهۆی بونی دەنگێک، یان چەند دەنگێکی جیاواز لە پێکهاتەی وشەی سەروادا، ناوبڕێک دەخاتە بونیادی ئاوازەکە و لە ئاوازی وشەکانی پێش سەروا جیایان دەکاتەوە، ئەمەش جیاوازییەکی دیاری بونیادی مۆسیقا و بونیادی پێکهاتەی سەروا دەردەخات. لەم توێژینەوەیەدا لە بابەتی بونیادی ئاواز مامەڵە لەگەڵ پیتی نوسراو نەکراوە، بەڵکو کار لەسەر دەرکەوتنی دەنگەکان کراوە لە کاتی خوێندنەوەیاندا، هەروەک لە ڕوانگەی بزواوی و وەستاویدا مامەڵەی لەگەڵ سروشتی دەنگەکاندا کردوە، ئەمەش جیاوازییەکی دیکەی لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ بونیادی پێکهاتەی سەرودا بەرجەستەکردوە.

## بەشی یەکەم

### ١-١ چیەتیی سەروا

سەروا هاوشانی کێش بە کۆڵەگەی سەرەکیی بونیادی شیعر دادەندرێت. ئیبن سینا (١٩٥٦: ١٢٣) پێیوایە دەق ئەگەر سەروای نەبێت، بە شیعر دانانرێت. خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی، لەناو عەرەبدا بە یەکەم کەس دادەنرێت، کە بە شێوەیەکی زانستی قسەی لەبارەی سەرواوە کردبێت، پێیوایە سەروا بریتییە: لە پیتی کۆتایی بەیت تا یەکەم وەستاو و ئەو (حرکة)یەی دەکەوێتە پێش وەستاوەکە (خلوصی،١٩٧٧: ٢١٣). ئەو تایبەتمەندییە لە دەنگەکانی زمانی کوردیدا جیاوازە، چونکە (حرکات)ی عەرەبی بەرامبەر بە بزوێنە کورتەکانی زمانی کوردی دێن و بزوێنە درێژەکانیش لە زمانی عەرەبیدا وەک دەنگی وەستاو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و دەنگی پێش خۆیان دەکەنە بزواو، بەڵام بەپێی پێناسەکەی فەراهیدی سنوری پێشڕەوی تەواوی دەنگە بزواوەکەی پێش دەنگە وەستاوەکەی ڕەوی ناگرێتەوە، بەڵکو تەنیا تا(حرکة)کە دەڕوات، بۆیە ئاساییە لە دەستنیشانکردنی سنوری پێشڕەوی لە شیعری کوردیدا، لە پێش دەنگی ڕەوی ئەگەر نەبزوێن بو، تا نزیکترین بزوێن بگەڕێینەوە. ئەخفەش پییوایە سەروا بریتییە لە وشەی کۆتایی بەیت (الاخفش، ١٩٧١: ٣٣). سەجادی لە پێناسەی سەروادا دەڵێ: "سەروا ئەوەیە، کە دوایی هۆنراوەکان لە چەند پیتێکدا وەکو یەک بن" (سەجادی، ١٩٦٧: ١٣٤). عەزیز گەردی پێیوایە: "سەروا بریتییە لەو دەنگە یا کۆمەڵە دەنگەی (کە هەندێ جار بە بڕگە و لای هەندێ بە تیپ ئاماژەی بۆ کراوە) لە کۆتایی وشە سەرواداراەکان دوبارە دەبنەوە" (گەردی، ١٩٩٩: ٢٦). کەواتە سەروا دیاردەیەکی دەنگییە و لە بونیادی شیعردا پشت بە دوبارەبونەوەیەکی ڕێکخراوی دەنگەکان دەبەستێت.

### ١-٢ چیەتیی ئاواز

ئاواز (لحن) وەک ڕەگەزێکی مۆسیقی لە شیعردا جێی بایەخە، چونکە پشت بە دوبارەبونەوەی ئاوازە (نغمة)ی دەنگەکان دەبەستێت "دوبارەکردنەوە یەکێکە لەو هونەرانەی، کە شاعیر لە بنیاتی مۆسیقای ناوەوەی شیعردا پەنای بۆ دەبات" (گەردی، ٢٠١٣: ٢٠). ئاواز بریتییە لە کۆمەڵێک ئاوازە بەسەریەکەوە، کە لە لەرینەوەی دەنگەکانەوە دروست دەبن و بە شێوەیەکی ڕێکخراو دوبارەدەبنەوە (زاهید، ٢٠١٠: ٣٧). بنەمای ئاواز دەوەستێتە سەر ئەو بەرزی و نزمییانەی، کە لە بەدوای یەکدا هاتنی دەنگەکان و لە ئەنجامی دینامیکیەتی لەرینەوە و لە هێزی شەپۆلە دەنگییەکانەوە دروست دەبن (تۆما، 2018: 46). لە ڕاستیدا "هیچ دەقێکی شیعری نییە دوبارەکردنەوەی تێدا پەیڕەو نەکرابێت (خۆشناو، ٢٠٢٠: ١٠٣)، بەڵام ئەوکاتە مۆسیقا لە شیعردا دروستدەبێت، کە ئەو دەنگانە بە هاوسەنگی دوبارەببنەوە (ڕۆوف، ١٩٨٩: ٧)، بەو واتایەی دوبارەبونەوەی ئاوازەی دەنگەکان بنەمای سەرەکیی بونیادی ئاوازن لە

شـــیعردا (السـید، ٢٠١٦ : ٢٢). ئاواز بەتەنیا چەمکی مۆسـیقا ناگەیێنێ، بەڵکو ڕەگەزی دیکەی وەک ڕەزم (ایقاع) و هارمۆنی و ئەدگاری دیکەی وەک هێز (نبر) و ئاوازە (نغمة) شـانبەشـانی ئاواز بەشـداری لە بونیادی مۆسـیقادا دەکەن، هەموشیان پەیوەستن بە دوبارەبونەوەیەکی هاوسەنگ و ڕێکی دەنگەکان، کە گونجان لە نێوانیاندا هەیە. ئەو هاوسەنگی و ڕێکی و گونجانە لە هەرچییەکدا هەبێت پەیوەندیی بە ڕەهەندی مۆسـیقاوە هەیە (قائمی، نیا، صـمدی، ٢٠٠٩: ١٠٨)، بەو واتایەی جگە لە هونەری مۆسـیقا، دەشێ ئەو ڕەگەزانە لە هونەرەکانی دیکەشـدا هەبن، وەک شـیعر و هونەرەکانی شێوەکاری و هونەرەکانی جوڵەکاری و ... تد، کە لێرەدا ئامانجمان هونەری شیعرە وەک دیاردەیەکی دەنگی.

### ٣-١ چیەتیی دەنگ

دەنگ ئەو شـەپۆڵانەن، کە لە ئەنجامی لەرینەوەی تەنێکەوە بە ناوەندێکی هەوایی، یان شـلی، یان ڕەقی بۆ گوێی وەرگر دەگوازرێنەوە (زاهید، ٢٠١٠: ٢١). دەنگ وەک زانست، مەودایەکی فراوانی هەیە و لق و پۆپی زۆری لێدەبێتەوە، ئەوەی لێرەدا جێی باسـە، دەنگی زمانییە. "زۆر پیویسـتە دو مەفهومی (دەنگ) و (پیت) لێکجودابکرێنەوە، دەنگ لە ڕێگای ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دردەبڕدرێت و بەهۆی بیستنەوە هەستیپێدەکرێت، پیت وێنەی دەنگە، کە بە نیشانە لە نوسـیندا دیارکراوە" (مارف، ١٩٧٦: ١٠). دەنگ دیاردەی یەکەمی داهێنانی زمانییە (قرەقشـلانی، ٢٠١٦: ٨٢) هەر زمانێکیش لە ڕوی تایبەتمەندییەوە مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ دەنگەکانی زمانەکەیدا دەکات. یەکێک لە ئەرکەکانی فۆنەتیکی درکاندن بریتییە لە پۆلینکردنی دەنگەکان بۆ بزوێنەکان و نەبزوێنەکان (دزەیی و محەمەد و ساڵح، ٢٠١٣: ٤٥) بزوێنەکان لە زمانی کوردیدا دەبنە دو جۆر: بزوێنە کورتەکان (ە، و، ی، i) و بزوێنە درێژەکان (ا، و، ۆ، ی، ێ). هەردو دەنگی (و، ی) جگە لە ئەرکی بزوێنی لە هەنـدێـک بـاردا وەک نەبزوێن دەردەکەون. هەرچەنـدە بزوێنە کورتەکان مەودایەکی کاتیی کورتی دەربڕینیان هەیەو و هاوشـێوەی (حرکات)ی عەرەبی ڕۆڵ لە بزواندنی دەنگە وەسـتاوەکاندا دەبینن، (ە) بەرامبەر بە سـەر (فتحة) و (و) بەرامبەر بە بۆر (ضـمة) و (ی، i) بەرامبەر بە ژێر (کسـرة) دێن، بەڵام لە نوسـینی کوردیدا جگە لە بزرۆکە، دەنگەکانی دیکە وەک پیتی سـەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە ئەمەش بۆ پرسی مۆسیقای شیعر، جێی هەڵوێستەیە.

### ٤-١ دەنگەکانی سەروا

لە زانستی عەروزدا مامەڵە لەگەڵ دەنگە بزواو و دەنگە وەستاوەکاندا دەکرێت، لە بونیادی مۆسیقای شیعریشدا مەرجە مـامەڵە لەگەڵ ئەو دەنگانەدا بکرێـت، کە لە خوێنـدنەوەی دەقـدا بەرجەسـتەدەبن نەک وەک ئەوەی لە نوسینەوەی شیعردا پەیڕەودەکرێن (خلوصی، ١٩٧٧: ٢٨). لە شیعری کوردیدا بزوێنە کورتەکان هاوشانی (حرکات) ی زمانی عەرەبین، چونکە بەتەنیا گۆناکرێن. وەک چۆن "بزوێنە کورتەکانی (ە-e)، (و- u)، (ی- i) لەبەر بێهێزی توانای ڕاگرتنی قورسـایی سـەروایان نییە" عەزیزگەردی(١٩٩٩: ١١٦) بە هەمان شـێوە، لە مۆسـیقای شـیعریشـدا مامەڵەی دەنگی سـەربەخۆیان لەگەڵدا ناکرێت، باشـترین بەڵگە بۆ ئەم بۆچونە بزوێنی کورتی بزرۆکەیە (i)، کە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا مامەڵەی دەنگی سـەربەخۆی لەگەڵدا نەکراوە. بزوێنە کورتەکان لە شـیعری کلاسـیکیی کوردیشـدا دەنگەکانی پێش خۆیان دەکەنە دەنگێکی بزواو، لە هەر شـوێنێکیشـدا ئیشـباع کرابن. مامەڵەی دەنگێکی وەسـتاوی سەربەخۆیان لەگەڵدا دەکرێت. بۆ نمونە:

گڵی یاقوتە تۆزی عەنبەری سارایە بەرزنجە

گیای زمڕوتە بەردی گەرهەری یەکتایە بەرزنجە (بێخود: ٨٩).

تەفعیلەی کۆتایی بەیتەکە بریتییە لە (مَفاْعِیْلُنْ: (O//O/ O/) کە لە (وەتەدی کۆ + سەبەبی سوک + سەبەبی سوک) پێکدێت. (جە) کە لە بنەڕەتدا دەنگێکی بزواوە، بەڵام لەبەرئەوەی کەوتۆتە ناو پێکهاتەی سـەبەبی سـوکی کۆتایی تەفعیلەکە، ناچارین لە ڕوانگەی بونیادی مۆسـیقاوە، بزوێنی کورتی (ە) ئیشـباع بکرێت و وەک دەنگی بزوێنی درێژی

سـەربەخۆی وەسـتاو بخوێندرێتەوە، بەڵام لە بونیادی پێکهاتەی سـەروادا، مامەڵەی بزوێنی کورتی لەگەڵدا دەکرێت و ئەرکی ڕەویی پێ ڕەوا نابینرێت.

لە زمانی کوردیدا بزوێنە کورتەکان بە بزرۆکەشـەوە، لە دەسـتنیشـانکردنی سـنوری پێش ڕەویدا، هەمان ئەو ڕۆڵە دەبینن، کە (حرکات)ەکان لە زمانی عەرەبیدا دەیگێڕن. لە بونیادی پێکهاتەی سەرەوای شیعری کوردیشدا بە (تەوجیهـ - التوجیە) ناونراوە " بۆیە پێیدەگوترێ تەوجیە چونکە بزوێنی پێش تیپی وەســتاو وەکو بزوێنی خۆی وایە" (گەردی. ١٩٩٩: ١٣٦) واتا بەتەنیا نییە و وەک بەشــێک وایە لەگەڵ دەنگە وەســتاوەکە و دەیجولێنێ. لەگەڵ ئەوەشــدا لە هەژماردنی دەنگەکانی پێش ڕەوی، مامەڵەی دەنگێکی سەربەخۆی لەگەڵدا کراوە بۆ نمونە:

سوبحی فەروەردینە ئەمڕۆ بولبولی دڵ بێ غەمە

گەر لە خۆشیا ڕۆحی دەرچێ باخەوان هێشتا کەمە (بێخود: ٩٧)

لەم دەقەدا دەنگی (م) ڕەوی و لە پێشڕەویشدا بزوێنی کورتی(ە) هاتوە، لە بونیادی پێکهاتەی سەروادا، (ە) لە پەراوێزی پێش ڕەویدا وەک دەنگێکی سەربەخۆ هەژماردەکرێت و ناو دەنرێت (تەوجیهــ)، بەڵام ئەگەر پێش دەنگی ڕەوی بزرۆکە بێت، مامەڵەی دەنگی سـەربەخۆی لەگەڵدا ناکرێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە لەو پەراوێزەدا مامەڵەیەکی دروسـت لەگەڵ بزوێنە کورتەکانی زمانی کوردیدا ناکرێت. بۆ نمونە:

تا لە من ئەو ماهی چاو بە خومارە خۆی ون کردوە

تیفلی دڵمی توشی بیماری سەر و بن کردوە (بێخود: ١٠٢)

لە دەستنیشـانکردنی ئاسـتی دەنگی لە وشـەکانی سـەروا (ون، بن)دا، دەنگی (ن) وەک ڕەوی دەردەکەوێت. بزرۆکە وەک بزوێنی کورت ڕۆڵی (تەوجیهــ) دەبینێت، بەڵام لە هەژمارکردنی دەنگەکانی پێکهاتەی سەروادا هەژمارناکرێت. بەڵام لە بونیادی ئاوازی ســەروادا بزرۆکەش هاوشــێوەی بزوێنە کورتەکانی دیکە وەک دەنگی ســەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، تەنیا ڕۆڵ لە بزواندنی دەنگی وەستاوی پێش خۆیان دەکەن.

**٥-١ بونیادی ئاواز لە پێکهاتەی سەروادا**

ئاواز وەک ڕەگەزێکی مۆسـیقی پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕەگەزەپێکهێنەرەکانی دیکەی مۆسـیقای شـیعر هەیە، بە تایبەتی ڕەزم و کێش، بۆیە هەر نەگونجان و ناڕێکییەک لەو پەیوەندییەدا هەبێت، دەبێتە هۆی ناهاوسەنگیی مۆسیقای شـیعر. لە مۆسـیقای شـیعری کوردیدا، هەندێک دەنگ لە نێوان دەنگەکاندا لەباردەچن، هەرچەندە لە نوسـیندا وەک پیتی ســەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام لە خوێندنەوەی مۆســیقیدا گۆناکرێن، بۆیە ناتوانرێ لە بونیادی ئاوازدا وەک دەنگێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بۆ نمونە:

ئەوا ئەی شەمعی بەزم ئارایی دین پەروانەکەی خۆت هات

بە شوعلەی ئاگری ڕوت جەرگ و دڵ بوریانەکەی خۆت هات (بێخود: ٢٦)

کێشی- شـیعرەکە (هەزەجی هەشـتیی موسـەببەغ)ە و لەسـەر بنەمای دوبارەبونەوەی تەفعیلەکانی (مَفاْعِیْلُنْ مَفاْعِیْلُنْ مَفاْعِیْلُنْ مَفاْعِیْلانْ) و بە پێکهاتەی بڕگەیی (٤+٤+٤+٤) بونیادنراوە. هێشــوەدەنگی (نەکەی خۆت هات) دەکەوێتە تەفعیلەی (مَفاْعِیْلانْ) و لە چوار بڕگە پێکدێت (نە/کەی/ خۆت/ هات) لە ڕوانگەی بونیادی پێکهاتەی سەروادا هیچ گرفتێک لە دوبارەبونەوەی دەنگەکاندا نییە، چونکە (هات) لە کۆتایی لەتدا وەک بڕگەیێکی کەشــیدە مامەڵە لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام لە بونیادی مۆســیقادا، کە پشـــت بە دەنگە بزواو و وەســتاوەکان دەبەســتێت، پێویســتی بە خوێندنەوەیەکی دیکە دەبێت: (خۆت) دەکەوێتە ناو ســەبەبی ســوک و (هات) دەکەوێتە ناو (ســەبەبی ســوک) کە تەسبیغی بەسـەردا هاتوە و دەنگێکی نەبزوێنی بۆ زیادکراوە. لە سـەبەبی سوکی یەکەمدا ناچاردەبین تەنیا (خۆ) بهێڵینەوە

و (ت) بدرێتە پاڵ (هات) و لە ئەنجامدا پیتی (ھ) لەباردەچیت و دەبێتە (تات) و خوێندنەوەی دەنگەکان لە چوارچێوەی بونیادی تەفعیلەکەدا دەبێتە (نەکەی خۆ تات) و خوێندنەوەی نیوەبەیەکە دەبێتە:

ئەوا ئەی شەمعی بەزمارایی دین پەروانەکەی خۆتات.

دەنگەکانی سەروا وەک ناوبڕی مۆسیقی مەودای کاتیی و شوێنی دوبارەبونەوەکان لە شیعردا بەرجەستەدەکەن (خلوصی، ١٩٧٧: ٢١٥). لە ڕوانگەی مۆسیقییەوە، لەڕەی دەنگەکان بونیادی ئاواز لە سەروادا پێکدەهێنن. هەر بۆیە شاعیری بەتوانا لە هەوڵی ئەوەدایە، کە بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو دەنگە مۆسیقییە دوبارەبوانە لە وشە و دەستەواژە و ڕستەی جوان و ناسکدا دەستەبەربکات (کلاب، ٢٠١٥: ٧٣). چەندێتی و چونیەتیی دوبارەبونەوەی دەنگە هاوشێوەکان لە کۆتایی بەیتدا جۆری پێکهاتەی سەروا دیاردەکەن، بەڵام (ڕەوی) بە دەنگی بنچینەیی سەروا دادەندرێت، چونکە ڕەوی " ئەو پیتەیە، کە شیعری لەسەر بونیاددەنرێت" (الهاشمی، ١٩٩١: ١٣٦) لە ناساندنی دەقیشدا پشت بە جۆری پیتی ڕەوی دەبەسترێت، بۆ نمونە شیعری (ئەلفی، بائی، دالی، ... تد).

هەندێکجار دەنگی ڕەوی بە تەنیا بەشداری لە پێکهاتەی سەرودا دەکات، زۆربەی جاریش لە ئاستی دەنگیدا دەنگەکانی پێش ڕەوی و پاش ڕەوی بەشداری لە بونیادی سەروای شیعردا دەکەن، بەڵام بەپێی پێکهاتەی سەروا سنوری دەنگەکان دیارکراون، بۆ نمونە دەنگەکانی پێشڕەوی هەمو ئەو دەنگە هاوشێوانە ناگرێتەوە، کە لە وشەکانی سەروادا هاتون، چونکە پێشڕەوی بەپێی جۆری دەنگی ڕەوی سنورداره، ئەگەر ڕەوی بزوێنی درێژ بو، دەنگە هاوشێوەکانی پێشخۆی نابنە پێش ڕەوی، بۆ نمونە لە وشەکانی (گریا) و (بریا)دا وەک دو وشەی سەروا، لە چوارچێوەی ئاستی دەنگیدا (ر، ی) پەیوەندییان بە پێکهاتەی سەرواوە نییە، چونکە ڕەوی بزوێنی درێژە و پێویستیی بە پێش ڕەوی نییە.. "ئەگەر پێش ڕەوی دەنگێک یان چەند دەنگێک پەیڕەو بکرێن لەبەر پێویستی نییە، بەڵکو بۆ قوڵکردنەوەی ئاواز و بەهێزکردنی ترپە (ایقاع)ی شیعرەکەیە" (گەردی، ١٩٩٩: ١٢٨). بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا قسە لەسەر پێکهاتەی ئاستە پێکهێنەرەکانی سەروا ناکەین، کە خۆیان لە ئاستی وشە و لە ئاستی دەنگدا دەبیننەوە، چونکە لە بونیادی ئاوازی شیعردا چەندێتی دەنگەکان ڕۆڵ لە چۆنیەتیی ئاوازی سەروادا دەگێڕن، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی سنوری دابەشبونیان بکرێت بەسەر وشەکانی سەروا، یان پاش سەروا، یان لە پێش ڕەوی و پاش ڕەویدا، چونکە لە هەندێک شیعردا ئەو دابەشکردنە بونیادێکی دروستی نییە، بۆ نمونە:

بۆ نمونە:

دیسان هەوری بەڵا هات سایەقەی وەسڵی گوڵان ڕۆیی
شەوی ماتەم پەیابو ڕۆژی خۆشی بوڵبوڵان ڕۆیی
تەمی غەم تا قیامەت بۆچی دانەگرێ وڵاتی کورد
کە زاتێکی وەفادار و نەجیب و خانەدان ڕۆیی
بچوک بۆ قوڕ نەپێوێ گەورە توخوا بۆ بەکوڵ نەگری
کە عاسای دەستی پیر و هێزی ئەژنۆی گەنجەکان ڕۆیی (بێخود: ١٣٨)

ئەگەر لە ڕوانگەی پێکهاتەی سەرواوە، لەو دەقە بڕوانین، دەبینین؛ لە بەیتی یەکەمدا وشەکانی سەروا بریتین لە (گوڵان، بوڵبوڵان) دەنگی ڕەوی بریتییە لە (ڵ) و پێش ڕەوی بریتییە لە بزوێنی کورتی (و) و پاش ڕەوی بریتییە لە دەنگەکانی (ا، ن). لە بەیتی دوەمدا وشەی سەروا بریتییە لە (خانەدان) کە دەنگی ڕەویی بریتییە لە (ن) و پێشڕەویی بریتییە لە دەنگی (ا) و پاش ڕەویی نییە. لە بەیتی سێیەمدا وشەی سەروا بریتییە لە (گەنجەکان) دەنگی ڕەوی بریتییە لە (ج) و دەنگەکانی (ە، ن) وەک پێش ڕەوی و دەنگەکانی (ە، ک، ا، ن) وەک پاش ڕەوی دەردەکەون. وشەکانی سەروای

بەیتەکانی دیکەش بونیادی جیاوازیان هەیە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە ڕوانگەی مۆسیقای شیعردا بونیادی ئاواز لە بونیادی پێکهاتەیی سەروا گرنگترە.
لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوە لە بونیادی ئاواز و بونیادی پێکهاتەی سەروای غەزەلە کوردییەکانی (بێخود) کراوە.

**بەشی دوەم**

**بونیادی ئاواز و پێکهاتەی سەروای غەزەلە کوردییەکانی بێخود**

بێخود وەک شاعیرێکی شارەزا لە بونیادی مۆسیقیی پێکهاتەی سەروادا، لە ڕوانگەی چەندێتی و چۆنیەتیی دوبارەکردنەوەی دەنگەکان لە ئاستی دەنگیی وشەکانی سەروا و ئاستی وشەیی پێکهاتەی سەروا، کە لە وشەکانی سەروا و پاش سەروادا بەرجەستە دەبن، مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ مۆسیقای دەقە جیاوازەکاندا کردوە، لە زۆربەشیاندا سنوری پێکهاتەی عەروزییانەی سەروای پاراستوە و توانیویەتی لە پاڵ کێش و سەروادا، مۆسیقایەکی بەرز بونیادبنێت. بەپێی دوبارەبونەوەی دەنگەکان چەند بونیادێکی پەیڕەوکردوە:

**١-٢ بونیادی ئاوازی سەروای تاک دەنگی**

لەو شیعرانەدا دەردەکەوێت، کە بەیت بە وشەی سەروا کۆتایی بێت، ئەمەش دو جۆری هەیە:

یەکەم: وشەکانی سەروا بە بزوێنی درێژ کۆتاییان هاتبێت، ئەم جۆرەیان لە ڕوانگەی ئاوازەوە بێهێزترین بونیادی هەیە، چونکە کەمترین دوبارەبونەوەی لەرەی هاوشێوە لە پێکهاتەی دەنگەکانی سەرواکەیدا هەیە. بێخود لە یەک غەزەلدا پەیڕەوی ئەم جۆرە پێکهاتەیەی کردوە. بۆ نمونە:

دەمێکە وەک ژنی سک پڕ زەمانی بەد خو
بە خوێنی سەیید و شێخ و مولا ئەکا بێزو (بێخود: ٨٣)

لە کۆتایی تەواوی وشەکانی سەروادا، دەنگی (و) وەک (ڕەوی) دوبارەبوەتەوە، وەک دەنگی بزوێنی درێژ ئاوازی کۆتایی شیعرەکەی خاوکردۆتەوە. لەو بەیتانەی دەنگی هاوشێوەیان لە وشەی سەروادا دوبارەبوەتەوە، هەست بە ئاوازێکی بەهێزتر دەکەین، بۆ نمونە لە وشەکانی سەروای بەیتی پێنجەم و شەشەمی هەمان غەزەلدا، جگە لە دەنگی (و) دەنگی (ز)یش دوبارەبوەتەوە:

ئەگەر بێ بە سکەندەر بە بازوی قوەت
وەگەر بێ بە پەلەنگەر بە قوەتی بازو
بە حوکمڕانی ئەگەر ببیە شاهی کەیخوسرەو
بە پاڵەوانی ئەگەر ببیە ڕۆستەم و بورزو (بێخود: ٨٤)

لێرەدا دوبارەکردنەوەی دەنگی زیاتر لە پێش دەنگی ڕەوی (و)دا هیچ زیادەیەکی نەخستۆتە سەر بونیادی پێکهاتەی سەروا، بەڵام ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هێزی ئاوازی بەیتەکاندا دروستکردوە و بونیادێکی فراوانتری دەنگیی بەرجەستەکردوە.

دوەم: وشەکانی سەروا بە نەبزوێن کۆتایی دێن، کە دەنگێکی بزواوی گۆڕاو لە پێش دەنگی ڕەویدا هەیە، ئەمەش مەودایەکی کورت بۆ ڕەزمی ئاوازی سەروا بەرجەستە دەکات و لە جۆری یەکەم ئاوازدارترە. لە دیوانی (بێخود)دا سێ غەزەل لە لاپەڕەکانی (٤٩، ٨٦، ١٣٥) ئەو جۆرە بونیادەی ئاوازیان هەیە. بۆ نمونە:

ئەی سەبا ئەی قاسیدی ئەربابی ناموس و شەڕەف
هەستە تا کەرکوک بچۆ ئازانە ئەمما لا تەخەف (بێخود: ٤٩)

دەنگی (ف) وەک نەبزوێن بوەتە دەنگی کۆتایی پێکهاتەی سەروا و ڕۆڵی (ڕەوی) دەبینێت، لە پێش دەنگی ڕەوی (ف)دا بزوێنی کورت (ە) هاتوە، کە لە زمانی کوردیدا و لە بونیادی ئاستی دەنگیی پێکهاتەی سەروادا وەک دەنگێکی

سەربەخۆ مامەڵەی پێشڕەویی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام لە ڕوانگەی بونیادی مۆسیقییەوە بزوێنی کورتی (ە) دەنگێکی سەربخۆ نییە و مەودای گۆکردنەکەی تەنیا بەشی جوڵاندنی دەنگێکی وەستاوی پێشخۆی بڕدەکات، بۆیە لە بەرجەستەکردنی ئاوازەی دەنگیدا. دەدرێتە پاڵ دەنگی وەستاوی پێشخۆی و هاوشێوەی بونیادی پێکهاتەی سەروا بەشداری لە بونیادی ئاوازدا ناکات.

بونیادی پێکهاتەی سەروا لە نمونەی یەکەمدا تەنیا دەنگی ڕەوی (و) هەیە و لە نمونەی دوەمدا چونکە بزوێنی کورت مامەڵەی دەنگێکی سەربەخۆی لەگەڵدا کراوە دەنگی (ف) ڕەوی و بزوێنی کورتی(ە) ڕۆڵی تەوجیهـ دەبینێ.

دەنگە دوبارەبوەکان لە بونیادی ئاوزی یەکدەنگیی غەزەلەکاندا بریتین لە (و:١، و:١، ف:١، ی:١).

دەنگە دوبارەبوەکان لە سنوری بونیادی سەروادا بریتین لە پێش ڕەوی(ە: ٣)، ڕەوی (و:١، و:١، ف:١، ی:١). لێرەدا بونیادی پێکهاتەیی سەروا (٣) دەنگی لە بونیادی ئاوازی سەروا زیاترن، کە بریتین لە بزوێنی کورتی (ە).

## ٢-٢ بونیادی ئاوازی سەروای دو دەنگی

بە هەمان شێوەی ئاوازی سەروای یەک دەنگی، لەو دەقانەدا دەردەکەوێت، کە وشەی سەروا کەوتبێتە کۆتایی بەیت و پاش سەروای تێدا پەیڕەونەکرابێت. (بێخود) لە بونیادی ئاوازی ئەم پێکهاتەیەدا، چوار غەزەلی لە لاپەڕەکانی (٥١، ٦١، ٩٧، ١٣٣)دا هەیە، کە جگە لە دەنگی ڕەوی، پێش ڕەوی، یان پاش ڕەوی بەشدارییان لە بونیادی ئاوازدا کردوە. بۆ نمونە:

وەک خاڵی گۆنە هێندە خەتابار و ڕوڕەشم

وەک پەرچەمی بە شانە نەکردو موشەوەشم (بێخود: ٦١)

دەنگە دوبارەبوەکانی وشەی سەروا بریتین لە (م) وەک زیادەیەکی ڕێزمانی پەراوێزی پاش ڕەویی گرتوە و دەنگێکی وەستاوە. دەنگی (ش) وەک ڕەوی دەنگی ڕەسەنی کۆتایی وشەکانی سەروان، بەهۆی پێوەلکانی دەنگی (م) لە دەنگی وەستاوی (ش) گۆڕاوە بۆ دەنگی بزواوی (شi) بەڵام لەبەر ئەوەی بزرۆکە دەنگێکی بزر و بێهێزە، ڕۆڵی لە بونیادی پێکهاتەی سەروادا فەرامۆشکراوە. لە ڕوانگەی بونیادی ئاوازیشدا مامەڵەی دەنگێکی سەربەخۆی لەگەڵدا نەکراوە، چونکە بزوێنێکی کورتە. کەچی لە پەراوێزی پێش ڕەویدا دەنگی بزوێنی کورت (ە)، لە ئاستی دەنگیی وشەی سەروادا وەک (پێش ڕەوی) مامەڵەی دەنگێکی سەربەخۆی لەگەڵدا کراوە، بەڵام لە بونیادی ئاوازدا بزوێنی کورتی (ە) هاوشێوەی بزوێنی کورتی (بزرۆکە) مامەڵەی دەنگێکی سەربەخۆی لەگەڵدا ناکرێت و تەنیا دەنگە وەستاوەکانی پێشخۆیان لە وەستاوییەوە گۆڕیوە بۆ دەنگێکی بزواو.

دەنگە دوبارەبوەکان لەو غەزەلانەی لە پێکهاتەی سەروای کۆتاییاندا بونیادی ئاوازێکی دو دەنگییان هەیە بریتین لە: ( ا: ٢، م: ٢، ی:١، ش:١، ڵ:١، و:١)

دەنگە دوبارەبوەکانی بونیادی پێکهاتەی سەروای غەزەلەکان بریتین لە: پێش ڕەوی: (ە:٣، ا:١) ڕەوی (ش:١، ڵ:١، م:١، و:١)، پاش ڕەوی (م:١، ە:١، ی:١). جیاوازیی دەنگە دوبارەبوەکانی هەردو بونیادەکە (٣) دەنگن، کە بە هۆی هەژمارکردنی بزوێنی کورتی (ە) لە بونیادی پێکهاتەییدا زیاترن.

## ٣-٢ بونیادی ئاوازی سەروای سێ دەنگی

دوبارەبونەوەی سێ دەنگی بە دواییەکداهاتو، تاڕادەیەک ئاوازێکی بەهێز لە بونیادی سەروادا دروستدەکات. لە دیوانی (بێخود)دا چواردە غەزەل ئەم جۆرەرە بونیادەیان تێدا پەیڕەوکراوە. ئەوانیش بەم شێوە دەردەکەون:

یەکەم: جگە لە دەنگەکانی وشەی سەروا، پشت بە دەنگەکانی وشەی پاش سەروا بەستراوە. لە دیوانی (بێخود)دا، تەنیا یەک غەزەل ئەو پێکهاتەی سەروای تێدا پەیڕەوکراوە. دەنگێکی بزوێنی درێژ لە وشەی سەروا، لەگەڵ دو دەنگ

لە وشــەی پاش ســەروادا دوبارەدەبنەوە، بەمەش شــاعیر بە پەیڕەوکردنی پاش ســەروا، بونیادی ئاوازێکی بەهێزتر بۆ دەقێک فەراهەم دەکات، کە وشەکانی سەروایان تەنیا لەسەر دەنگی ڕەوی بونیادنراوە. بۆ نمونە:

لە یارانی وەفادارا ئەدیبێکی (زەکی) مابو

لە پڕ پشتی لە دنیا کرد و ڕوی بۆ موڵکی عوقبا بو (بێخود: ٨١).

لەم غەزەلەیدا، شــاعیر بە دەر لە پێکهاتەی ســەروا لە هەردو ئاســتی وشــەیی و دەنگیدا، هیچ دەنگێکی زیاتری دوبارە نەکردۆتەوە، بۆیە بونیادی ئاواز و بونیادی پێکهاتەی ســەروا هەمان شــتن و لە ڕوانگەی مۆســیقیای شــیعردا تەواو هاوسەنگن. لێرەدا (ا) ڕەوی و دەنگەکانی (ب، و) دەبنە پاش ڕەوی.

دوەم: ئەو دەقانەی کۆتاییان بە وشــەی ســەروا هاتوە و جگە لە دەنگی ڕەوی، لە پێش ڕەوی و پاش ڕەویشــدا دەنگی دوبارە هەیە، کە گۆڕانیان بەســەردا نەهاتوە. (بێخود) لە نۆ غەزەلدا لە لاپەڕەکانی (٢٩، ٥٥، ٦٣، ١١٤، ١٢٠، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٨، ١٣٠) پەیڕەوی ئەو شێوازەی کردوە. بۆ نمونە:

ئەیا ڕەفیقی شەفیقم حەریمی ڕازی نیهانم

ئەدیبی فیکری حەقیقیم نەدیمی ڕۆحی ڕەوانم ( بێخود: ٦٣).

پێکهاتەی ســـەروا لە ئاســـتی دەنگیدا کە لە ڕەوی و پێش ڕەوی و پاش ڕەویدا دەنگی دوبارەبوەوە هەیە، وەک خۆیان بەشـــدارییان لە بونیادی ئاوازی کۆتایی لەت و بەیتەکاندا کردوە؛ (م: پاش ڕەوی، ن: ڕەوی، ا: پێش ڕەوی). لێرەشـــدا بونیادی ئاواز و بونیادی پێکهاتەی سەروا بە تەریبی هاتون.

سێیەم: ئیشباعکردنی بزوێنی کورتی کۆتایی وشەی سەروا و دەرکەوتنی وەک دەنگێکی سەربەخۆ. ئەم دیاردەیە لە چوار غەزەلدا لە لاپەڕەکانی (٩٠، ٩١، ٩٩، ١٠١)دا بەرچاودەکەوێت. بۆ نمونە:

کوردینە بە گەل بێنەوە وا وەختی سرورە

وەختی گوڵ و (ڕێحانە) و (ئەسرین) و (چنور)ە (بێخود: ٩١).

لە ڕوانگەی پێکهاتەی ئاستی دەنگییدا، بزوێنی کورتی (ە) لە کۆتایی وشـەی سـەروادا، دەنگێکی بێهێزە و ناتوانێت ڕۆڵی ڕەوی بگێڕێت، بەڵام وەک دەنگێکی سەربەخۆ مامەڵەی (پاش ڕەوی)ی لەگەڵدا کراوە، بەمەش دەنگە دوبارەبوەکان لە بونیادی پێکهاتەی سـەروا سێ دەنگن (ە، ر، و). لە ڕوانگەی بونیادی ئاوازدا، بە هۆی ئیشباعکردنی دەنگێکی نەبزوێنی کورتی (ە) لە کۆتایی لەت و بەیتدا، وەک دەنگێکی ســـەربەخۆ لەگەڵ دەنگەکانی پێشـــخۆی، ئاوازێکی سێ دەنگیی بەرجەسـتەکردوە. هەرچەندە دەقەکە لە ڕوانگەی هەردو بونیادەکەدا (پێکهاتەی سـەروا و ئاواز)دا سێ دەنگین، بەڵام لە هەریەکەیاندا سروشتی دەنگی بزوێنی کورتی (ە) جیاوازە.

دەنگە دوبارەبوەکانی بونیادی ئاوازی سێ دەنگیی غەزەلەکان بریتین لە: (ا:١٥، ن:٧، ی:٦، و:٣، ت:٣، ر:٢، م:٢، ز:١، غ:١، ێ:١، ب:١). بەهۆی زۆریی دوبارەبونەوەی دەنگی (ا) لە پێکهـاتەی ســـەروای هەنـدێک لە غەزەلەکان، ئاوازی کۆتایی شیعرەکانیان خاوکردۆتەوە.

دەنگە دوبارەبوەکانی پێکهاتەی سـەروای غەزەلەکان، بریتین لە: پێش ڕەوی (ا: ١١، و:٢، ی: ١). ڕەوی (ن: ٧، ت: ٢، ر: ٢، غ: ١، ز: ١)، پـاش ڕەوی (ی: ٥، ە: ٤، م: ٢، ت: ١، ێ: ١) پـاش ســـەروا (ب: ١، و: ١). لە تەواوی غەزەلەکاندا بەهۆی ئیشـباعکردنی بزوێنە کورتەکانی کۆتایی بەیت ژمارەی دەنگە دوبارەبوەکان لە هەردو بونیاددا وەک یەکن، چونکە دواى ئیشباعکردن لە بونیادی ئاوازیشدا مامەڵەی دەنگێکی سەربەخۆیان لەگەڵدا کراوە.

### ٤-٢ بونیادی ئاوازی سەروای چوار دەنگی

ئەو ئاوازەی لە دوبارەبونەوی چواردەنگدا دروســـت دەبێت، لەڕوی مۆســـیقاوە بەهێزە و بە ئاســـانی هەســـتی پێدەکرێت، بە تایبەتی ئەگەر دەنگەکان لە وشـــەی ســـەروادا کۆکرابنەوە. لە دیوانی (بێخود)دا یازدە غەزەلیان ئاوازێکی چوار دەنگییان هەیە، بە سێ جۆر دەردەکەون:

یەکەم: کۆکردنەوەی هەر چوار دەنگە دوبارەبوەکان لە وشـــەکانی ســـەروادا، وەک ئەوەی کە هەن. لە دو غەزەل لە لاپەڕەکانی (٧٢، ٧٣)دا، بەرچـاو دەکەوێـت. جگە لە دەنگی ڕەوی، دەنگەکـان لە پێش ڕەوی و پـاش ڕەویشـــــدا دوبارەدەبنەوە. بۆ نمونە:

بەخورِ دیسان ڕژا فرمێسکی باران

لە هەوری چاوی سوری دورِ نیساران (بێخود: ٧٢)

هەرچەندە لە وشـەی (باران)دا، دابەشـکاریی دەنگەکان هاوشـێوەی وشـەکانی دیکەی سـەروا نییە، لە (باران)دا، (ن) دەنگی ڕەوییە، چونکە پیتی ڕەسـەنی کۆتایی وشـەکەیە و (ا) دەبێتە دەنگی پێش ڕەوی، دەنگەکانی دیکە (ا، ر) لە سـنوری پێکهاتەی ســەروادا نین. لە تەواوی وشــەکانی دیکەی ســەروای غەزەلەکەدا (ر) ڕەوی و (ا) دەنگی پێش ڕەوی و (ان) زیادەیەکی ڕێزمانییە و دەکەوێتە پەراوێزی پاش ڕەوی، ئەوە لە بونیادی پێکهاتەی ســـەروادا جێی هەڵوەســـتەیە، بەڵام لەڕوانگەی بونیادی ئاوازدا هیچ گرفتێک دروستناکات.

دوەم: ئیشــباع کردنی بزوێنی کورتی (ە) لە کۆتایی وشــەی ســەروادا و دەرکەوتنی وەک دەنگێکی ســەربەخۆ لە بونیادی ئاوازدا، ئەم پەیڕەوە لە پێنج غەزەلدا لە لاپەڕەکانی (٩٢، ١٠٤، ١٠٩، ١١٠، ١١١) دەردەکەوێت. بۆ نمونە:

کەوسەر وەکو تەنورەیی چاوی پڕ ئاومە

دۆزەخ وەکو تەنورەیی دڵەی پڕ هاڵاومە (بێخود: ٩٢)

ئاوازی کۆتایی لە وشـــەکانی ســـەروادا بریتییە لە (ئاوما، هاڵاوما، ...) بە گۆڕینی لەڕەی دەنگی بزوێنی کورت بۆ لەڕەی فراوانتری دەنگی (ا) ئاوازی کۆتایی بەیتەکان بەرزتر بوەتەوە. لە بونیادی پێکهاتەی ســـەروادا، لەبەرئەوەی دەنگەکان دەکەونە سنوری وشەکانی سەروا، تەنیا بزوێنی کورت لەبەر بێهێزی ناتوانێت ڕۆڵی ڕەوی ببینێت، بەڵام وەک دەنگێکی ســـەربەخۆ هەژمارکراوە و ڕۆڵی پاش ڕەوی لە پێکهاتەی وشـــەی ســـەروادا دەبینێت. لەم نمونەیەدا ژمارەی دەنگە دوبارەبوەکان لە هەردو بونیادی ئاواز و پێکهاتەیی ســـەروا هێندەی یەکن، بەڵام مامەڵەی جیاوازیان لە گەڵ دەنگی بزوێنی کورت (ە) کردوە.

سێیەم: پەیڕەوکردنی وشەی پاش سەروا بۆ پاڵپشتی کردنی دەنگە دوبارەبوەکانی وشەی سەروا. (بێخود) چوار غەزەلی لە لاپەڕەکانی (٢٢، ٢٨، ٥٢، ٦٥) لەسەر ئەم بونیادە هۆنیوەتەوە. بۆ نمونە:

دیسان چەمەن لە ڕەوضەیی خولەی بەرین ئەکا

گوڵ خونچە هەم لە لێو و دەمی حوری عین ئەکا (بێخود: ٢٢)

لەم دەقەدا، کە بە کێشی‌ـ (موزاریعی هەشـــتیی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف) (مفعول فاع لات مفاعیل فاع لن) هۆنراوەتەوە، ئەگەر لەڕوانگەی بونیـادی پێکهـاتەی ســـەروادا و بەپێی تـایبەتمەنـدیی زمـانی کوردی و بەپێی بڕگە پێکهێنەرەکانی کێش مامەڵە لەگەڵ دەنگە دوبارەبوەکاندا بکرێت (٦) دەنگی دوبارەبوە هەن؛ لە ئاســـتی دەنگیدا (ن) ڕەوی و (ی) پێش ڕەوی و لە ئاسـتی وشـەشـدا، دەنگەکانی (ئـــ، ە، ک، ا) لە وشـەی پاش سـەروادا هەن. ئەگەر لە ڕوانگەی بونیادی ئاوازەوە مامەڵە لەگەڵ چەندێتی و چۆنیەتیی دەربڕینی دەنگەکان بکرێت، جیاوازییەکی بەرچاوی هەردو بونیادەکەمان بۆ دەردەکەوێت؛ ئاوازی عەروزیی دەقەکە بەپێی بزواوی و وەســـتاویی دەنگەکان و گونجانیان لە پێکهاتەی بنەڕەتەکانیاندا، گۆڕانکاری بەســـەر پیتەکاندا دەهێنێت و بە دەنگ و خوێندنەوەیەکی دیکە دەردەبڕدرێن. لە تەفعیلەی کۆتاییدا خوێندنەوە موسیقییەکەی وا دەخوازێت، کە پیتی (ئـ) لەباربچێت و بزوێنی کورتی دوای (ئـ) لەگەڵ

دەنگی وەســتاوی پێشــخۆی یەکدەگرێت و دەیکاتە دەنگێکی بزواو، بەمەش چوار دەنگی دوبارە بەشــداری لە بونیادی ئاوازی تەفعیلەی کۆتاییدا دەکەن و خوێندنەوە مۆسیقییەکەی دەقەکە بەم شێەویە دەبێت:

دیسان چەمەن لە ڕەوضەیی خولەی بەرینەکا

گوڵ خونچە هەم لە لێو و دەمی حوری عینەکا

لە غەزەلێکی دیکەدا:

مەڵێ ئەی نازەنین بۆ شاری کۆیە کاکی ئێران هات

بفەرمو عەسکەری لەشکەر شکێنی شاهی گەیلان هات (بێخود: ٢٨)

غەزەلەکە لەســـەر کێشی‌ـ هەزەجی هەشـــتی موســـەببەغ (مَفاْعِیْلُنْ مَفاْعِیْلُنْ مَفاْعِیْلُنْ مَفاْعِیْلاْنْ ) بونیادنراوە. پێکهاتەی دەنگیی تەفعیلەی کۆتایی بریتییە لە (O//O /O /O O) کە بەســەر (وەتەدی کۆ+ ســەبەبی ســوک+ ســەبەبی ســوک+ دەنگێکی وەســتاو)دابەش بوە. لە ســەبەبی کۆتایی تەفعیلەکەدا دەنگێکی وەســتاو زیادکراوە، بۆ دابەشــکردن و گونجاندنی دەنگەکان بەپێی پێکهاتەی تەفعیلەکە، بۆ نمونە لە بەیتی یەکەمدا:

مەڵێ ئەی نا// زەنین بۆ شا// ری کۆیە کا// کی ئێرانات

بفەرمو عەس// کەری لەشکەر // شکێنی شا//هی گەیلانات

بۆ ڕونکردنەوەی بونیادی ئاوازی دەقەکە، تەفعیلەی کۆتایی نیوەبەیتی یەکەم وەک نمونە شیدەکەینەوە:

وەتەدی کۆ: کی، ئ ، ێ.

سەبەبی سوک: ر، ا

سەبەبی سوکی کۆتایی، کە دەنگێکی وەستاوی بۆ زیاد کراوە، ناچارین لە بونیادی ئاوازدا دەنگی (ھ) لەبار ببەین بۆ ئەوەی دەنگەکان بەم جۆرەیان لێبێت: (ن، ا، ت) و پێکهاتەی دەنگیی هەردو سەبەبی تەفعیلەکەش لە کۆتایی هەمو بەیتەکاندا ببێتە (ر، ا، ن، ا، ت). ئەگەر لەگەڵ بونیادی پێکهاتەی ســـەروا بەراوردی بکەین، دەبینین بەپێی هاتنی دەنگەکان، لە ئاستی دەنگیدا(ن) ڕەوی و (ا) پێش ڕەوی و لە ئاستی وشەشدا، دەنگەکانی (ھ، ا، ت) دەکەونە وشەی پاش سەروا، بە هەمویان بونیادێکی دوبارەی (٥) دەنگیی هەیە.

دەنگە دوبارەبوەکان لە پێکهاتەی ئاوازی ســـەروا چواردەنگییەکاندا بریتین لە: (ا: ١٧، ی:٥، ت:٣، ن:٣، ئە:٢، نە:٢، دە:٢، ر:٢، و:٢، م:٢، نی:١، ک:١، د:١، ڵ:١، خ:١، ۆ:١). زۆرترین دەنگ کە دوبارە بوبێتەوە دەنگی (ا)یە، ئەمەش وایکردوە، کە ئاوازی غەزەلەکان لە سەروای کۆتایی غەزەلەکاندا خاوببێتەوە.

دەنگە دوبارەبوەکانی بونیادی پێکهاتەی ســـەروای غەزەلەکان، بریتین لە: پێش ڕەوی (ا:٥، ە:٢، ی:١، ن:١، ر:١). ڕەوی (ن:٤، ا:٣، د:٢، ر:١، ن:١)، پاش ڕەوی (ە:٨، ی:٥، ا:٢، ن:٢، ت:١، م:١، و:١) پاش سەروا (ا:٢، ئـــ:١، ە:١، ک:١، ھ:١ ت:١، د:١، ڵ:١، م:١).

لە بەراوردی دەنگەکان لە هەردو بونیادەکەدا، جیاوازییەکی بەرچاو لە چەندێتی و چۆنیەتیی دەنگە دوبارەبوەکاندا هەیە، بۆ نمونە لە بونیـادی ئـاوازی تەواوی غەزەلە چواردەنگییەکانـدا بزوێنی درێژ بە هۆی ئیشـــباعکردنی بزوێنە کورتەکانی کۆتـایی (١٧) جـار دوبـارەبوەتەوە، بەڵام لە بونیـادی پێکهـاتەیی ســـەروادا (١٢) جـار دوبـارەبوەتەوە، لە بەرامبەردا بزوێنی کورتی (٥) لە بونیادی پێکهاتەیی ســـەروادا (١١)جار هاتوە، بەڵام لە بونیادی ئاوازدا لەبەر ئەوەی بزوێنە کورتەکان ڕۆڵ لە گۆڕینی دەنگە وەستاوەکاندا دەبینن و دەیانکەنە دەنگی بزواو، وک دەنگی سـەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، ئەگەر لە کۆتایی لەتیشدا هاتن درێژدەکرێنەوە و بە بزوێنی درێژ (ا) هەژماردەکرێن.

**٥-٢ بونیادی ئاوازی سەروای پێنج دەنگی**

بەپێی بونیادی دەنگی، ئەم جۆرە ئاوازە لە دیوانی (بێخود)دا، لە چوار غەزەلدا لە لاپەرەکانی (٣٣، ٤٥، ٧٩، ١٣٧)دا دەردەکەوێت، لە هەر چواریاندا وشەی پاش سەروا بەشداریی لە پێکهاتەی ئاوازەکەدا کردوە. بۆ نمونە:

ئەی بە ماڵ و بە سەر فیدای وەتەن

وەی وەکو کاکی خۆت برای وەتەن ( بێخود: ٧٩)

ئەوەی بونیادی ئاواز لە بونیادی پێکهاتەی سەروا جیا دەکایەوە، بزوێنە کورتەکانی (ە)ن لە وشەی پاش سەروای (وەتەن)دا. لە بونیادی ئاوازدا بزوێنە کورتەکان ڕۆڵ لە گۆڕینی دەنگە وەستاوەکانی (و) و (ت)دا دەبینن و دەیانکەنە دو دەنگی بزواو، بە مەش ئاوازێکی پێنج دەنگی بەرجەستە دەکەن، بەڵام لە بونیادی پێکهاتەی سەروادا، لە ئاستی دەنگیدا (ا) ڕەوی و (ی) پاش ڕەوی و دەنگەکانی (و، ە، ت، ە، ن) لە وشەی پاش سەروادا بەشداری لە دوبارەی دەنگەکاندا دەکەن و ژمارەیان دەبێتە (٧) دەنگ.

بەشێوەیەکی گشتی دەنگە دوبارەبوەکان لە بونیادی پێنج دەنگیی ئاوازی غەزەلەکاندا بریتین لە: (ا:٤، ی:٣، ر:٢، یە:١، غە:١، وە:١، تە:١، کە:١، ک:١رە:١، د:١، و:١، س:١، ن:١) بونی دەنگە بزواوەکان توانیویانە ئاوازێکی خێرا لە کۆتایی بەیتەکاندا بەرجەستە بکەن.

دەنگە دوبارەبوەکانی پێکهاتەی سەروای غەزەلەکان، بریتین لە: پێش ڕەوی (ا:٢) ڕەوی (ا:٢، ر:٢)، پاش ڕەوی (ی:٣، ە:٢)، پاش سەروا (ە:٤، ک:٢، و:٢، ر:١، د:١، غ:١، س:١، ت:١، ن:١، ی:١). ژمارەی دەنگە دوبارەکانی بونیادی پێکهاتەیی (٤) دەنگی لە ژمارەی دەنگەکانی بونیادی ئاوازی سەروادا زیاترن.

## ٢- ٦ بونیادی ئاوازی سەروای شەش دەنگی

لە بونیادی ئاوازی غەزەلەکانی دیوانی (بێخود)دا، دوبارەبونەوەی شەش دەنگ بەدواییەکدا، بەدەر لە دەنگە دوبارەبوەوەکانی ناو وشەی سەروا، بە پاڵپشتیی دەنگەکانی وشەی پاش سەروا بەرهەم هاتون. شەش غەزەل لە لاپەرەکانی (٣٦، ٣٨، ٥٨، ١١٨، ١١٩) ئاوازی پێکهاتەی سەروای شەش دەنگیان هەیە و لە هەموياندا وشەی پاش سەروا ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی ئاوازی شیعردا گێڕاوە. بۆ نمونە:

دڵم بۆ زوڵف و ڕوی جانانە ئەگری

مناڵە و بۆ گوڵ و ڕێحانە ئەگری (بێخود: ١١٨).

ئەگەر لە ڕوانگەی بونیادی پێکهاتەی سەرواوە، مامەڵە لەگەڵ ژمارەی دەنگەکاندا بکرێت، بەپێی ئەو جیاوازییانەی پێشتر باسکران، لەو غەزەلانەشدا بەهۆی ئیشباعکردن و هەژمارنەکردنی بزوێنە کورتەکان و بونی دەنگی دوبارەی دەرەوەی سنوری پێکهاتەی سەروا، جیاوازی لە ژمارەی دەنگە دوبارەبوەکانی بونیادی ئاواز و بونیادی پێکهاتەی سەروا بەرچاو دەکەوێت.

بە شێوەیەکی گشتی دەنگە دوبارەبوەکان لە ئاوازی سەروای شەش دەنگیی غەزەلە کوردییەکانی دیوانی (بێخود)دا بریتین لە: (ا:٦، ی:٤، ر:٤، د:٣ ، ک:٢، گ:٢، ت:٢، ئە:٢، نە:٢، یە:١ خ:١، م:١) دوبارەبونەوی دەنگە بزواوەکان ئاوازی مۆسیقای غەزەلەکانیان خێراتر کردوە.

دەنگە دوبارەبوەکان لە بونیادی پێکهاتەی سەروای غەزەلەکاندا، بریتین لە: پێش ڕەوی (ا:٤) ڕەوی (ن:٣، ت:٢، ا:١) پاش ڕەوی (ی:٣، ە:٣)، پاش سەروا (ر:٤، د:٣، ک:٢، گ:٢، ی:٢، ئ:٢، ە:٢، ا:١،خ:١، م:١). لە تەواوی شەش غەزەلەکاندا. بونیادی پێکهاتەیی سەروا (٦) دەنگی دوبارەی لە بونیادی ئاوازی سەروادا زیاترن.

## ٧-٢ بونیادی ئاوازی سەروای حەوت دەنگی

سێ غەزەل لە دیوانی (بێخود) لە لاپەڕەکانی (٣١، ٤١، ١٠٢)دا، بونیادی ئاوازی حەوت دەنگییان هەیە و لە هەردوکیاندا وشەکانی پاش سەروا دەنگی زیاتریان تێدا دوبارەبونەتەوە. بۆ نمونە:

تا لە من ئەو ماهی چاو بەخومارە خۆی ون کردوە

تیفلی دڵمی توشی بیماری سەر و بن کردوە (بێخود: ١٠٢)

ئەو دەنگانەی لە هەر دو غەزەلدا بەشدارییان لە بونیادی ئاوازی سەرواکاندا کردوە، بریتین لە: (ا:٤ ، ر:٢، و:٢، ن:٢، د:٢، ی:٢، ک:١، دو:١، ڵی:١، خو:١، گو:١، ح:١).

ئەگەر لە ڕوانگەی بونیادی پێکهاتەی سەروا هەژماری دەنگە دوبارەبوەکان بکرێت و مامەڵە لەگەڵ پیتەکان بکرێت، لە هەردو غەزەلدا بریتین لە: پێش ڕەوی (و:١، ا:١، ە:١، ر:١)، ڕەوی (ن:١، ڵ:١، د:١)، پاش ڕەوی (ی)، پاش سەروا (و:٢، ر:٢، د:٢، ک:١، و:١، ە:١، گ:١، ی:١، ن:١، ا:١، خ:١ ح:١، ش:١). لەم جۆرەشیاندا بونیادی پێکهاتەی سەروا (٤) دەنگی دوبارەی لە بونیادی ئاوازی سەروا زیاترن.

## ٢-٨ بونیادی ئاوازی سەروای هەشت دەنگی

بونیادی ئاوازی هەشت دەنگی لە شەش غەزەل لە لاپەڕەکانی (٤٣، ٥٦، ٦٧، ٨٩، ١٠٩، ١٣٢)پەیڕەوکراوە. زۆربەی دەنگە دوبارەبوەکان دەکەونە وشەکانی پاش سەروا. ئەو ئاوازەی لە دوبارەبونەوەی هەشت دەنگدا بەرهەمدێت، ئاوازێکی بەهێزە. لەو غەزەلانەی کۆتاییان بە دەنگی نەبزوێن هاتوە و دەنگی بزواوی تێدا دوبارەبوەتەوە، مۆسیقایەکی خێرایان لە کۆتایی بەیتەکاندا بەرجەستەکردوە، بۆ نمونە:

دیدەکەم لەو ڕۆژەوە من ئاشناتم ڕۆحەکەم

ئاشنایێکی بە گیان و دڵ فیداتم ڕۆحەکەم (بێخود: ١١٩).

هێزی ئاوازی سەروای شیعرەکە زیاتر لە وشەی پاش سەروادا دەردەکەوێت و بەدوای یەکداهاتنی دەنگە بزوێنەکانی (حە، کە) و وەستاویی دەنگی کۆتایی (م) ڕەزمی ئاوازێکی خێرایان دروستکردوە.

ئەو غەزەلانەی، کە کۆتاییان بە بزوێنە درێژەکان هاتوە، یان ئیشباع بەسەر بزوێنی کورتی کۆتایی وشەکان هاتوە، کاریگەرییان لەسەر درێژکردنەوە و خاوکردنەوەی مۆسیقای شیعرەکاندا هەبوە. بۆ نمونە:

بێ قەدی توبایی تۆ سەروی ڕەوانم بۆ چییە

جەننەتی فیردەوس و عومری جاویدانم بۆ چییە (بێخود: ١٠٩).

دەنگە دوبارەبوەکان لەو غەزەلانەی ئاوازێ هەشت دەنگی لە پێکهاتەی سەرواکانیاندا هەیە بریتین لە: (ا:٨. م:٥، ن:٣، ی:٣، ت:٣، ێ:٣، ۆ:٢، ر:٢، پ:٢، وە:٢، کە:٢، بە:٢، ڕ:١، ج:١، ز:١، ی:١، چی:١، یە:١، کو:١، غە:١، حە:١).

دەنگە دوبارەبوەکان لە پێکهاتەی سەروای غەزەلەکاندا، بریتین لە: پێش ڕەوی (ا:٤) ڕەوی (ن:٢، ا:٢، و:١، ی:١)، پاش ڕەوی (ی:٣، م:٢، ە:٢، ت:١)، پاش سەروا (ە:١٠، ب:٣، ک:٣، م:٣، ێ:٣، ۆ:٢، ی:٢، پ:٢، ن:٢، ر:٢، ئـ:١، ز:١، ج:١، ڕ:١، ح:١، چ:١، و:١، ت:١، غ:١). لەم غەزەلانەدا، بزوێنە کورتەکان ڕۆڵیان لە خستنەڕوی جیاوازیی بونیادی پێکهاتەی سەروا و بونیادی ئاوازی سەروادا بە ڕونی دەردەکەوێت، لە یەکەمیاندا وەک دەنگی سەربەخۆ و لە دوەمیاندا وەک بزوێنەری دەنگە وەستاوەکان ڕۆڵیان بینیوە، بەمەش جیاوازیی دەنگە دوبارەبوەکان لە هەردو بونیاددا بریتین لە (١٢) دەنگ، کە لە بونیادی پێکهاتەییدا زیاترن.

## ٢- ٩ بونیادی ئاوازی سەروای نۆ دەنگی

ئەم جۆرە بونیادە جگە لە دەنگەکانی وشەی سەروا، پشت بە دەنگەکانی وشەی پاش سەروا دەبەستێت هەمو دەنگەکانی بەسەر یەکەوە ئاوازێکی مۆسیقیی بەهێز لە کۆتایی بەیتدا بەرجەستە دەکەن. لە دیوانی (بێخود)دا، تەنیا غەزەلێک ئەو بونیادەی هەیە:

ئەوا شەمعی بەزم ئارایی دین پەروانەکەی خۆت هات

بە شوعلەی ئاگری ڕوت جەرگ و دڵ بوریانەکەی خۆت هات (بێخود: ٣١).

وەک پێشتر لە بونیادی ئاواز ئەم نمونەیە شیکرایەوە، بە هۆی بونیادی تەفعیلەیی خوێندنەوەی دەستەواژەی (خۆت هات) دەبێتە (خۆتات) و لەگەڵ دەنگە دوبارەبوەکانی دیکە، بونیادی ئاوازی سەروای دەقەکە بریتیدەبێت لە (ا:٢، ت:٢، نە:١، کە:١، ی:١، خ:١، ۆ:١) دروستبوە. ئەگەر لە ڕوانگەی بونیادی پێکهاتەیی سەروا مامەڵە لەگەڵ دەنگەکان بکرێت، بەپێی تایبەتمەندیی زمانی کوردی و جێبونەوەیان لە بونیادی برگەییدا بەسەر ئاستەکانی سەروادا دابەش بکرێن بەم شێوەیە دەردەکەون: پێش ڕەوی(ا:١)، ڕەوی (ن:١)، پاش ڕەوی (ە:٢، ک:١، ی:١)، پاش سەروا (ت:٢، خ:١، ۆ:١، هـ:١، ا:١). لەم نمونەیەشدا، بە پێی هەژماری دەنگە دوبارەبوەکان، بونیادی پێکهاتەیی سەروا (١٢) دەنگییە، بەڵام لە بونیادی ئاوازی سەروادا بە هۆی ڕۆڵی بزوێنە کورتەکان بونیادەکە بوەتە (نۆ) دەنگی.

**٢- ١٠ بونیادی ئاوازی سەروای دوازدە دەنگی**

لە کۆی غەزەلە کوردییەکانی دیوانی (بێخود)دا، تەنیا یەک غەزەل پەیڕەوی ئاوازی سەروای دوازدە دەنگیی کردوە. لەو غەزەلەشدا زیادبونی دەنگەکان لە پێکهاتەی سەروادا، پەیوەندیی بە زۆریی دەنگەکانی پاش سەرواوە هەیە. بۆ نمونە:

ئەگەر شاهم وەگەر شاهین و بازم یا رسول اللە

وەتەن ئارە و هێلانەوازم یا رسول اللە (بێخود: ٨٨).

دەنگەکانی (ا:٣، ڵ:٢، ز:١، م:١، ی:١، ڕە:١، س:١، و:١، لو:١) بەشدارییان لە بونیادی ئاوازی سەروای غەزەلەکەدا کردوە، لە دەستنیشانکردنی دەنگەکاندا، پشت بە چۆنیەتیی خوێندنەوە بەستراوە، نەک چۆنیەتیی پیتە نوسراوەکان.

لە بونیادی پێکهاتەیی سەروادا دەنگە دوبارەبوەکان بەم شێوەیە بەسەر ئاستەکاندا دابەش دەبن: پێش ڕەوی(ا:١)، ڕەوی (ز:١) پاش ڕەوی (م:١)، پاش سەروا (ا:٢، ڵ:٢، و:٢، ی:١، ڕ:١، ە:١، س:١، ل:١). لەم نمونەیەشدا هاوشێوەی نمونەکانی پێشتر، بونیادی پێکهاتەیی سەروا (٣) دەنگی زیاتری تێدا هەژمارکراون ، لەو ڕوانگەیەوە سەروا بونیادێکی پێکهاتەیی (١٤) دەنگیی هەیە (ا:٣، ڵ:٢، و:٢، ز:١، م:١، ی:١، ڕ:١، ە:١، س:١، ل:١). ئەمەش جیاوازی سنوری دەنگیی هەردو بونیادی ئاواز و بونیادی پێکهاتەیی لەسەروادا بەرجەستە دەکات.


زۆریی دوبارەکردنەوەی دەنگ لە پێکهاتەی سەروادا کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی لە وشەی سەروادا، پێویستیی بە توانا و سەلیقەی شاعیرەوە هەیە، بۆیە دەبینین ئەو غەزەلانەی ئاوازێکی فرە دەنگییان هەیە، زۆربەیان پەیڕەوی پاش سەروایان کردوە و زۆرترین دەنگە دوبارەبوەکانیش کەوتونەتە ناو پێکهاتەی وشەکانی پاش سەروا.

لەم خشتەیەدا جۆر و ژمارە و ڕێژەی سەدیی دوبارەبونەوەی دەنگەکانی بونیادی ئاوازی سەروای غەزەلەکانی دیوانی (بێخود) دەخەینەڕو:

| جۆری دەنگ | ژمارە | ڕێژەی سەدی | جۆری دەنگ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ا | ٦٠ | ٪٢٥.٢١ | وە | ٢ | ٪٠.٨٤ |
| ی | ٢٨ | ٪١١.٧٧ | پی | ٢ | ٪٠.٨٤ |
| ن | ١٩ | ٪٧.٩٩ | ب | ٢ | ٪٠.٨٤ |
| ر | ١٥ | ٪٦.٣٠ | پ | ٢ | ٪٠.٨٤ |
| م | ١٢ | ٪٥.٠٥ | ڕ | ٢ | ٪٠.٨٤ |
| ت | ١٠ | ٪٤.٢٠ | س | ٢ | ٪٠.٨٤ |
| د | ٨ | ٪٣.٣٦ | ش | ٢ | ٪٠.٨٤ |
| و | ٧ | ٪٢.٩٤ | گ | ٢ | ٪٠.٨٤ |
| نە | ٥ | ٪٢.١٠ | حە | ١ | ٪٠.٤٢ |
| کە | ٥ | ٪٢.١٠ | تە | ١ | ٪٠.٤٢ |
| ک | ٥ | ٪٢.١٠ | خو | ١ | ٪٠.٤٢ |
| ۆ | ٥ | ٪٢.١٠ | ڕە | ١ | ٪٠.٤٢ |
| وو | ٤ | ٪١.٦٨ | ڕە | ١ | ٪٠.٤٢ |
| ێ | ٤ | ٪١.٦٨ | گو | ١ | ٪٠.٤٢ |
| ڵ | ٤ | ٪١.٦٨ | لو | ١ | ٪٠.٤٢ |
| ئە | ٣ | ٪١.٢٦ | ڵی | ١ | ٪٠.٤٢ |
| یە | ٣ | ٪١.٢٦ | ح | ١ | ٪٠.٤٢ |
| خ | ٣ | ٪١.٢٦ | ج | ١ | ٪٠.٤٢ |
| ز | ٣ | ٪١.٢٦ | چ | ١ | ٪٠.٤٢ |
| بە | ٢ | ٪٠.٨٤ | ف | ١ | ٪٠.٤٢ |
| دە | ٢ | ٪٠.٨٤ | ع | ١ | ٪٠.٤٢ |
| غە | ٢ | ٪٠.٨٤ | **کۆی دەنگەکان** | **٢٣٨** | **٪١٠٠** |

هەروەک لە خشتەکەدا دیارە زۆرترین دوبارەبونەوە لە دەنگی (ا)دا بوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر خاوکردنەوەی ئاوازی ســـەروای کۆتایی غەزەلەکاندا هەیە، بە تایبەتی لەو غەزەلانەی، کە کۆتایی پێکهاتەی ســـەروایان بەم دەنگە هاتوە. هەریەک لە دەنگەکانی دیکەش بەپێی ژمارەی دوبارەبونەوەکانیان ڕۆڵیان لە بونیادی ئاوازی ســـەروای غەزەلەکاندا هەیە. ژمارەی دوبارەبونەوەی دەنگەکانیش ڕۆڵیان لە بەهێزی و بێهێزیی ئاوازی شـــیعردا هەیە، تا دەنگی زیاتر دوبارە ببنەوە ئاوازەکە بەهێزتر دەردەکەوێت.

لە دیوانی (بێخود)دا (٥٣) غەزەلی کوردی هەیە، کە سـیسـتەمی سـەروای یەکگرتویان تێدا پەیڕەوکراوە. بەپێی ژمارەی دەنگە دوبارەبوەکان(١٠) جۆر بونیادی ئاواز لە پێکهاتەی ســـەروای غەزەلەکاندا هەیە، لەم هێلکارییەی خوارەوەدا، جۆر و ژمارە و ڕێژەی سەدیی غەزەلەکان دەخەینەڕو:




لە خشـــتەکەدا دەردەکەوێت، کە زۆرترین ڕێژەی ئاوازی غەزەلە کوردییەکانی دیوانی بێخود، بونیادێکی سێ دەنگییان هەیە و لە کۆی غەزەلەکان بە ڕێژەی (٢٦.٧٥٪) هاتوە.

لە ڕوانگەی بونیادی پێکهاتەیی ســەرودا، دابەشــکەدنی دەنگە دوبارەبوەکان لە هەردو ئاســتی دەنگی و وشــەییدا، لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەخەینەڕو:

| پێش ڕەوی | | ڕەوی | | پاش ڕەوی | | پاش سەروا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەنگ | ژمارە | دەنگ | ژمارە | دەنگ | ژمارە | دەنگ | ژمارە |
| ا | ٢١ | ن | ١٩ | ە | ٢٣ | ە | ١٨ |
| ە | ٩ | ا | ٨ | ی | ٢٢ | ک | ٨ |
| ر | ٢ | ر | ٥ | م | ٧ | ر | ٧ |
| وو | ٢ | ت | ٤ | ت | ٣ | ا | ٦ |
| ی | ٢ | د | ٣ | ا | ٣ | ب | ٦ |
| ن | ١ | و | ٣ | و | ٣ | ی | ٦ |
| و | ١ | ی | ٢ | ن | ٢ | ت | ٥ |
| | | ڵ | ٢ | ر | ٢ | د | ٥ |
| | | ز | ٢ | د | ٢ | م | ٥ |
| | | وو | ١ | ک | ٢ | و | ٥ |
| | | ف | ١ | ێ | ١ | ڵ | ٣ |
| | | ش | ١ | وو | ١ | ن | ٣ |
| | | م | ١ | گ | ١ | ڤ | ٣ |
| | | غ | ١ | خ | ١ | ێ | ٣ |
| | | | | ح | ١ | خ | ٢ |
| | | | | | | س | ٢ |
| | | | | | | گ | ٢ |
| | | | | | | غ | ٢ |
| | | | | | | ه | ٢ |
| | | | | | | ج | ١ |
| | | | | | | ح | ١ |
| | | | | | | ر | ١ |
| | | | | | | ز | ١ |
| | | | | | | ل | ١ |
| | | | | | | وو | ١ |
| کۆی دەنگ | ٣٨ | کۆی دەنگ | ٥٣ | کۆی دەنگ | ٧٥ | کۆی دەنگ | ١٠٣ |

هەروەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، لە بونیادی پێکهاتەیی سەروادا زۆرترین دەنگ لە پاش سەروادا دوبارە دەبنەوە، لە ئاستی دەنگی، لە دوبارەکردنەوەی دەنگەکاندا: پاش ڕەوی بە پلەی یەکەم و ڕەوی بە پلەی دوەم و پێش ڕەوی بە پلەی سێیەم دێت، کۆی دەنگە دوبارەبوەکان بریتین لە (٢٦٩)دەنگ.

**ئەنجام**

- مامەڵەکردن لەگەڵ دەنگە دوبارەبوەکان، بەراورد بە پیتە نوسراوەکانی سنوری پێکهاتەیی سەروا، ڕەگەزی ئاواز لە سەروادا مۆسیقیتر بەرجەستەدەکات، هەر ئەمەش وایکردوە لە ڕوانگەی مۆسیقای شیعردا بونیادی ئاواز لە بونیادی پێکهاتەیی سەروا تۆکمەتر بێت، بەڵام بە هۆی تایبەتمەندیی دەنگەکانی زمانی کوردی مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەی سەروادا بێ کێشەترە بەراورد بە بونیادی ئاواز.
- لە غەزەلەکانی دیوانی (بێخود)دا، بێهێزترین ئاوازی سەروای کۆتایی لە پێکهاتە یەک دەنگییەکاندا بوە، کە لە کۆتایی وشەی سەروادا وەک ڕەوی دوبارەبونەتەوە، لە بەرامبەردا بەهێزترین ئاواز لەو غەزەلەدا بەرجەستەبوە، کە دوازدە دەنگی تێدا دوبارەبوەتەوە.

- لە پێکهاتەی سـەروای غەزەلە کوردییەکانی دیوانی (بێخود)دا، بەپێی بونیادی ئاواز، گۆڕانی دەنگی بەسـەر هەندێک لە وشەکاندا هاتوە وەک لەبارچونی دەنگەکانی (ئ) و (هـ) و زیادبونی دەنگی (ی). ئەمەش جیاوازیی مامەڵەی دەنگ و مامەلەی پیت لە بونیادی پێکهاتەی سەروا و بونیادی ئاوازدا دەخاتەڕو.
- لە بونیادی ئاوازی سـەروای غەزەلە کوردییەکانی دیوانی (بێخود)دا، (٤٣) جۆر دەنگ بەکارهاتون، کە (١٧)یان دەنگی بزواون و (٣٤)جار دوبارەبونەتەوە و (٢٦) دەنگی وەستاوی سەربەخۆن و (٢٠٤)جار دوبارەبونەتەوە.
- دەنگی (ا) زۆرترین دوبارەبونەوەی لە ئاوازی سـەروای غەزەلە کوردییەکانی دیوانی (بێخود)دا هەیە، لە بەرامبەردا بزوێنی کورتی (ە) زۆرترین دوبارەبونەوەی لە بونیادی پێکهاتەیی سەروادا هەیە. ئەمەش خاڵێکی بەهێزە بۆ جیاوازیی بونیادی ئاواز و بونیادی پێکهاتەیی سەروا.
- لە غەزەلە کوردییەکانی دیوانی (بێخود)دا، ئاوازی سێ دەنگی بە ڕێژەی (٢٦.٧٥٪) زۆرترین و ئاوازی نۆ دەنگی و دوازدە دەنگی بە ڕێژەی (١.٨٨٪) کەمترین بەشدارییان لە بونیادی سەروای غەزەلەکاندا کردوە.
- لە غەزەلە کوردییەکانی دیوانی (بێخود)دا، دەنگە دوبارەبوەکان لە بونیادی ئاوازی سەروادا لە بونیادی ئاوازی یەک دەنگی و دو دەنگیدا تەنیا لە وشـەی سـەروادا بەرجەسـتەدەبن، بەڵام لە ئاوازی سێ دەنگی و چواردەنگیدا بە دو شـێوە بونیادنراون: یان بە تەنیا لە وشـەی سـەروادا هاتون، یان بەیەکەوە لە وشـەی سـەروا و لە وشـەی پاش سەروادا هاتون. لە ئاوازە پێنج دەنگییەکان بەرەو سەرەوە دەنگە دوبارەبوەکانی پاش سەروا بەشدارییان لە بونیادی ئاوازدا کردوە.
- ژمارەی دەنگە دوبارەبوەکان لە بونیادی ئاوازدا بە بەراورد بە بونیادی پێکهاتەی سـەروادا کەمترن. لەیەکەمیاندا (٢٣٨) دەنگ و لە دوەمیاندا (٢٦٩) دەنگن، ئەمەش بەهۆی هەژمارنەکردنی بزوێنە کورتەکان لە بونیادی مۆسیقا و هەژمارکردنیان لە بونیادی پێکهاتەیی سەروادا.

## سەرچاوەکان


ئەمین، سیروان جەبار (٢٠١٤) شـێوازی سـەروای غەزەلە کوردییەکانی مەحوی، هەولێر، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣١، ل٤٧ – ٦٤.

حەمەدەمین، یادگار ڕەسـول (٢٠٢٠) سـەروای شـیعرە کوردییەکانی نالی، ڕاپەڕین، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ١،خولی ٧، ل ٤٦١-٤٨٠.

خۆشناو، سەرباز مەجید (٢٠٢٠) دوبارەکردنەوە لە شیعری(سەدان ساڵە)ی (عەبدوڵلا پەشێو)دا. گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٣، ژمارە ١، ل١٠١ – ١٤٦.

دزەیی، عەبدولواحید موشـیر و محەمەد، دانا تەحسـین و سـاڵح، دەرون عەبدولڕەحمان (٢٠١٣) فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، هەولێر، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

ڕؤوف، صلاح (١٩٨٩) تیۆرەکانی مۆسیقا. چاپی یەکەم، ئەمیندارێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان.

عزیز، هیوا نورالدین (٢٠٢١) شیعرە کوردییەکانی (بێخود) لە تەرازوی عەروزدا، سۆران، گۆڤاری توێژەر، بەرگی٤، ژمارە١، ل٢٧٩ – ٣٢٨.

گەردی، سەردار ئەحمەد (٢٠١٣) کاریگەریی مۆسیقای غەزەلێکی جزیری لەسەر قەصیدەیەکی وەفایی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٤، ل٧- ٢٩.

گەردی، عەزیز (١٩٩٩) سەروا، هەولێر، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

مارف، ئەورەحمانی حاجی (١٩٧٦) زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، بەغدا، کۆڕی زانیاریی کورد.

موفتی، مەلا مەحمودی (١٣٨٦) دیوانی بێخود، کۆکردنەوە و ڕێکخســتن و لەســەرنوســینی: محەمەدی مەلا کەریم، ســنە، بڵاوکردنەوەی کوردستان.
ابن سينا، الحسين بن عبدالله (١٩٥٦) جوامع علم الموسيقى، تحقيق: زكريا يوسف، القاهرة، نشر وزارة التربية.
الاخفش، ابى الحسن سعيد بن مسعدة (١٩٧١) كتاب القوافى، تحقيق: احمد راتب النفاخ، بيروت، ط١، دار الامانة، مطابع دار القلم.
بن جنى، ابى الفتح عثمان (١٩٧٥) مختصر القوافى، تحقيق: حسن شاذلى فرهود، الفجالة، ط١، مطبعة الحضارة العربية.
توما، ميسم هرمز (2018) عناصر تكوين الموسيقى والغناء، بغداد، الفتح للطباعة والاستنساخ والتحضير الطباعى.
السيد، امين على (٢٠١٦) فى علم القافية، القاهرة، مكتبة الزهراء.
قرەقشـــلانى، جمال طالبى (٢٠١٦) التحليل الصـــوتى والدلالى فى قصـــيدة بلقيس ل (نزار قبانى)، مجلة الجمعية الايرانية للغة العربية وادابها، العدد ٤٠، ص ٧٩- ٩٨.
كلاب، محمد مصـطفى (٢٠١٥) بنية التكرار فى شـعر ادونيس، فلسـطين، مجلة الجامعة الاسـلامية للبحوث الانسـانية، المجلد الثالث والعشرون، العدد الاول، ص٦٩- ٩٤.
الهاشمى، محمد على (١٩٩١) العروض الواضح وعلم القافية، دمشق، دار القلم.
ائمى، و طاهرى، على باقر و صمدى ، مجيد (٢٠٠٩) فضاى موسيقايى معلقەى امرؤالقيس، مجلەى انجمن ايرانى زبان و ادبيات عربى علمى، شماره ١٢، ص ١٠٧- ١٣٤.